کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:59 8-2-2007

# ڕێکخراوەکان.. لەئەوپەڕی بێنەخشیدان ... ئەرسەلان مەحمود

Arsalan852@yahoo. com



لەمێژووی سەرهەڵدان و دامەزراندنیانەوە بۆ ئەمرۆ.. کۆی ئەو ڕێکخراوانەی بەناوی پێشەیی دیموکراسی جیاجیاوە هەبوون و دەرکەوتوون.. ئەگەر لەقۆناغە سەخت و دژوارەکانی سەردەمی خەباتی شاخ و شۆڕشگێریدا، چوارچێوەو ئامانجی تێکۆشانیان هاوشانیکردنی پێشمەرگەو حیزب و هێزە سیاسیەکانی کوردستان بووبی و پێبەپێش ڕۆڵی چالاکانەی خۆیان لەوبوارەدا گێڕابی و بەهۆی بارودۆخی سیاسی و نەبوونی دیموکراسی لەبەجێگەیاندنی مەهامە پێشەییەکانیشیان خاڵی بووبن و زیاتر جۆشدراوو ئاڕاستەی خەباتی سیاسی و ڕزگاری نیشتیمانییان وەرگرتبی، ئەوا لەدوای ڕاپەرینەوە نەك هەر ئەو بەرگەیان فڕێداوە، بگرە ئەو ئەو هێزو وزەوو بازووە چالاکەی بواری پیشەیی و دیموکراسیش نەبوون و نەیانتوانیوە لە ئاستی گۆڕان و گۆڕانکاریە بابەتیەکاندابن.

سەرەڕاش کەمترین نەخشیان لەگەشەپێدان و پڕاَکتیزە کردنی دیموکراسی و خەباتی شێوازە پیشەییەکەی خۆشیاندا بینیوە و هەرگیز لە ئاستی ئەو پێشەنگی و نوێنەرایەتی کردنەدا نەبوون کە لەبەلاغ و ڕاگەیاندنەکانەوە باسی لێوەدەکەن و نەبوونە نوێنەری سەر ڕاست و متمانەداری توێژو پێکهاتە جیاجیاکان و ئێستاش لەهەرکاتێك زیاتر لەپەراوێزدا هەڵدەسوڕێن.

لەجێگای کۆکردنەوەی ووزەو تواناکانیان، بەرەو پەرت و بڵاوبوونی زیاتری ناسروشتی دیموکراسی چوون و تادی گرووپ و دەستەی ناڕازی لەناو خودی خۆیانەوە سەرهەڵدەدەن.. لەلایەك دەستەڵات لەبێدەنگی و بەدەنگەوە نەهاتنی ماف و خواست و ویستەکانیان بەخەمساردو بی ئاگا لەڕەوشی کاریان تۆمەتبار دەکەن و لەلایەکی تر حیزب و باکگراوندە سیاسیەکانیان بە تێنەگەیشتن لە خەباتی پیشەیی سەربەخۆی ڕێکخراوەییان وەێفدەکەن، خودی خۆشیان بەبی پڕۆژەو بی نەخش هەڵدەسەنگێنن.. پێیان وایە تائێستاش ڕێکخراوەکان هەر لەسەر خەرمانی خەباتی ڕابوردوویان دەژین و نەکاراوون سەروەری نوێی بابەتی بخەنە سەرکۆی خەرمانی خەباتی ڕابووردوویان. بەمەش دووچاری گۆشەگیری هاتوون و بوونە قوربانی ژێر سایەی بەرژەوەندییە تایبەتی و خزمەتکاری بی پەرواى تەبلیغاتەکانی حیزبۆکراتی!.. هەربۆیەشە کەمتر توانیویانە چین و توێژەکان بخەنە ژێرکاریگەریەکانی خۆیان و لەدەوری خۆیان کۆیانبکەنەوە ...

بڵێی.. گرفتەکە تەنها خەمساردی دەستەڵات و نەبوونی تێگەیشتن و خوێندنەوەی بابەتی حیزبی و خولانەوەی خودی ڕێکخراوەکانە بازنە داخراوەکانی لەدەوری بوونیاندا، یان پەرەسەندن و کاریگەریەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەگشتی و جێماوی کۆمەڵی کوردەواری و بی پلانی چۆنایەتی و هەبوونی بۆشایی دەستورییە، تبکاری مافی هەمووان زامن بکات و ئەرك و ئاڕاستەشیان دیارییکات؟..

بڵێی.. هەرئەوانە، یان نەبوونی فەلسەفەیەکی سەردەمی پەروەردەیی وفێرکردن و زاڵی ئاوەزە تەقلیدیەکانی کۆمەڵگایە ئەم بزاوتانەی کەنارگیرو پەك خستووە؟..

هەر ئەوانە.. یان زۆر هۆکاری جەوهەری تریش هەن، ئامادەگی بەشداری چین و توێژەکان بەگشتی و لەناویاندا نەوەی نوی بەتایبەتی کەم بەش و بەشدارو دووچاری دڕدۆنگی کردوە؟!..

بێگومان ژینگە بەگشتی وچەپاندنی (خەفەکردن) ئازادییە فەرییەکان نەك هەربی نەخشی و؟؟!! بگرە دەمارگیری و کاڵبوونەوەی ئینتیمای بۆ نەوەی نوی لێکەوتۆتەوەو لەهەمانکاتیشدا فرسەتخوازی و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پاوانخوازی بۆ کەمینەی بەناو پێشەنگی کاربەدەستیش لەناو پێکهاتەی ڕێکخراوەکان بەگشتی فراوانترکردووەو بواری پێشخستنی چۆنایەتی و بەشداری هەمووانی لەسەرخستنی پەیامە پیشەییەکانیان و پرۆسەی دیموکراسیدا قەتیسکردوە ... کەوابوو ژینگەیەك.. کەنەك هەر لەگەڵ ڕەوتی قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیدا نەژیابی و نەڕۆشتبی.. کۆمەڵگایەك.. کەتا ئێستا حیزب و حیزبایەتی تیایدا نەچووبێتە سەر سروشت و ڕیتمی ئاسایی خۆی.. نەتەوەیەك.. تائێستا قۆناغی ڕزگاری نیشتیمانی خۆی نەبڕیبی و (دەرویشی و سەرخۆش) یش لەماڵەکانی خواو لە مەیخانەکانەوە، کاریگەری پەیام و بڕیارەکانیان لە ئەو پەڕی بی ئاگایی لەجێی دەستوور.. لەجێی یاسا.. مەلاو کۆلکەمەلاکان!.. بەسەرمن و تۆدا فتوابدەن و حوکم بکەن نەك هەر خەباتی چۆنایەتی ڕێکخراوو چین و توێژەکانی بی نەخش و ناجور دەبینی، بگرە کەسێك نامێنی ئایدۆلۆژیا (حەیاتەکە! ...) ش لەوەزیاتر بکاتەبەری.. سەرئەنجامیش هەرئەوە نەوەی نوی یە ئەو ناسازیە دەسازێنێتەوە، بەجۆرێك کە کورەی خەباتی پیشەیی و دیموکراسی خۆی بکاتە مەنجەنیقی ویژدانی ئەوانەی ڕۆژێك لە ڕۆژان بەناوی دیموکراسییەوە دژایەتی دیموکراسییانکرد.. و چین و توێژەکانیش ڕێکخراوەکانیان لە پەرت و بڵاوی و بێنەخشی ڕزگاربکەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.